# عەرباندن بە قانوون لا نابرێت

ئەمجەد شاکەلی

2003/12/13

فەرید ئەسەسەرد، سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەڤانانی سلێمانی، ئێوارەی 2003/12/11، میوانی، پرۆگرامی "لە کوردستانەوە"ی، عەبدوڕەززاق عەلی بوو. ئەو پرۆگرامە، یەکێکە لە پرۆگرامە باشەکانی - کە دەگمەنن- کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی. دیارە پرۆگرامی باش، نەک هەر لە کوردستان تیڤی، بەڵکە لە تەواوی ئەو چوار کەناڵە کوردییانەدا، کە هەن، کەمن. هەرچەندە من بۆ خۆم، لەگەڵ جۆری هەڵبژاردنی میوانەکانی، کاک عەبدوڕەززاق عەلیدا نیم، چونکە ئەو میوانانەی ئەو هەمیشە، ئەو خەڵکانەن، کە لە پشتی مێزەکانیان و لە پەنجەرەی ژوورەکانیان و لە لیستی مووچەکانیان و لە قەبارەی جزدانی پارەکانیان و لە پانایی بەرژەوەندەکەسەکییەکانیان و لە دەلاقەی دەسەڵاتەوە، دەنۆڕنە پرسی کورد و تەواوی پرسەکانی دیکەی ئەم جیهانەش. ڕەنگە ئەگەر تاکە باشییەک یا ئەرێنییەک، لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە میوانانەدا هەبێت، ئەوە بێت، کە مرۆڤی ئاسایی کورد، ئێمەومانان، خەڵکانی خوارەوەی پلیکانەی جڤاکی کورد، ڕاستی و ماک و کرۆکی، ئەو جۆرە کەسانەیان، بۆ دەرکەوێت و باشتر و ڕوونتریان دەبینن و دەژنەفن و دەخوێننەوە و دەناسن. ئەوەی جێی سەرسووڕمان و ڕامان و بیرلێکردنەوەیە، ئەوەیە، ڕۆژنامە و خەڵکی ڕۆژنامەڤان، کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان و وڵاتە ماندووەکانی عەرەب و وڵاتانی دیکتاتۆری و فەرمانڕەوایانی تاکڕەو و ڕۆژهەڵاتی لێدەرکە، لە هەموو جیهاندا، بە دەسەڵاتی چوارەم نێو دەبرێت. دەسەڵاتێک، کە ئاگایانە و بەرپرسانە و نیگەرانانە و پەرۆشانە و ڕەخنەگرانە، دەنۆڕێتە هەرسێ دەسەڵاتەکەی دیکەی قانووندانان، بەجێهێنان و دادگەری. ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەڤانان و ڕۆژنامە، لە وڵاتانێک، کە جۆرە ئازادییەکی ڕادەربڕینی تێدایە، چاودێرن و پاسەوانن و کۆنترۆڵی دەسەڵات دەکەن و وەدووی هەڵەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا دەخولێنەوە و خواخوایانە شتۆکەیەکیان لێ ببیننەوە بۆ ئەوەی لێیان بکەن بە قاو و وڵات و گەل و خەڵکی خۆیان و هەموو جیهانیشیان، لێ بورووژێنن و وایان لێ بکەن، شەرم و پەشیمانی بیانگرێت و جارێکی دیکە، ئەو هەڵەگەلە دووبارە نەکەنەوە. پێدەچێت لە کوردستانەکەی لەمەڕ ئێمە، بەپێچەوانەوە بێت. فەرید ئەسەسەرد، دێت و داکۆکی لە عەرەباندن دەکات. پاساو بۆ عەرەباندن و دەرکردن و کۆچپێکردنی بە تۆبزی و بۆ فیدراڵی لە سەر بنەمای پارێزگەکان، دەدۆزێتەوە. ئەسەسەرد، پێیوایە، مادام عەرەباندن بە قانوون کراوە و ئەنجام دراوە، دەبێ بە قانوون لاببرێت. چ کوردێک لەو دنیایەدا هەیە نەزانێت، کە لە 1963وە، کە تائێستا دەکاتە چل ساڵان، ئەوانەی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی عیراق، بە باشووری کوردستانیشەوە، بوونە، خەڵکانێک بوونە لە چوارچێوەی عەرەبایەتیدا، هەموو کار و کردەوە و ڕەوتار و گوتارێکیان، بۆ عەرەباندنی کوردستان و سڕینەوەی نێوی کورد بووە و بۆ ئەو مەبەستەش، هەرچێیەک خزمەتی بەو پرۆسەیە کردبێت، بەکاریان بردووە!. چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە لە عیراقدا، قسەی سەددام حوسەین بۆ خۆی قانوون بووە و پەیڤێکی ئەو، هەرچی پێی دەگوترێت قانوون، سڕیویەتییەوە!. چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە کوردانی کەرکووک و خانەقین، ماڵەعەرەب بە لۆری و ئۆتۆمبیلی گواستنەوەوە هێنراونەتە بەر ماڵیان و دەستی ژنەکانیان لە هەوێردا بووە، یا خەریکی نانکردن بوونە، یا شیریان بە منداڵەکانیان داوە، لەوەها کاتێکدا و بە شەق و زیرەزیڕی زارۆک و هاواری ژنان و قۆناخەتفەنگی سەربازی بەعس، وەدەرنراون و تەنانەت نەیشیانهێشتووە، نانە گەرمەکانی سەر تەنوورەکەی خۆیشیان لەگەڵ خۆدا ببەن!. چ کوردێک هەیە نەزانێت، ئەنفال و کیمیاباران، ئەو دۆزەخانەی، کە زیاتر لە 200 هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی، تێدا کرانە ڕەژوو، یا زیندەبەچاڵ کران، بە فەرمانی عەلی کیمایی‌یەک، یا عیززەت ئەلدوورییەک، ئەنجامدران و ئەوەی ئەوان گوتیان، ئەوە قانوون بوو!. چ کوردێک هەیە نەزانێت، پتر لە 200 هەزار کوردی فەیلی، تەواوی سامان و موڵکیان لێ سەنرایەوە و زەوت کرا و هەر ماڵەو دوو سێ چوار کوڕی گەنجیان، کە نێزیکەی پازدەهەزار لاو بوون، لێ گلدرایەوە و تاقیان بە ساغی لێ دەرنەچوو و هەموویان، لەبەین بران!. من بۆ خۆم هاوڕێیەکی کوردی فەیلیم هەیە، چوار برای گیران و لەنێو بران. هەر یەکێک لەو چوار برایە سەدان ڕۆژنامەنووسی خوێڕیلە و ترسنۆکی دەهێنا. ئایا ئەو هەموو کارەساتە، ئەو هەموو قڕان و لەنێوبردنە، کە لەوەتی کورد هەیە، بە سەریدا تێدەپەڕێنرێت و تێیدا دەژی، ئەوانە بە قانوون کراون؟ پێموایە، تەنێ ئەسەسەرد و ئەسەسەردئاساکان، ئەوانەیان پێ قانوونە و پێیانوایە بە قانوون ئەنجام دراون و دەبێت بە قانوونیش لاببرێن. ڕێژیمی بەعس تەڕ و هیشکی پێکڕا دەسووتاند و بە تەمای ئەوە بوو، کورد نەهێڵێت، کەچی ئەسەسەرد پێیوایە، بەعس بە قانوون ویستوویەتی کورد نەهێڵێت و کوردیش دەبێ بە قانوون مافەکانی خۆی

وەرگرێتەوە. کورد لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتگەلێکدا دەژی، کە ئەوەی قانوونە تێیاندا نییە و ئەوەی قانوونە پیادەناکرێت. نەهێشتنی عەرەباندن، تەنێ بە یەک شێوە لادەبرێت و دەسڕدرێتەوە، بەوەی، کە تەواوی عەرەبی عەرەباندن، لە تەواوی دەڤەرە عەرەبێنراوەکاندا، بێ سێودوولێکردن و بێ بیرکردنەوە و بێ گفتوگۆ و چاوەڕوانی، وەدەرنرێن و کوردستانیان لێ خاوێن بکرێتەوە و تەواوی کوردی وەدەرنراو و دەرکراوی ئەو ناوچانەش، دەسبەجێ و بێ چاوەنواڕی بگێڕدرێنەوە شوێن و زێدی خۆیان. هەموو "منجەمنج" و "ئەوڕۆ نا سبەی" و "جارێک پەلەمان نییە" و "بزانین دۆستە ئەمەریکاییەکانمان چ دەڵێن" و "با لەگەڵ براعەرەباکانماندا قسان بکەین" و "خۆی چاک دەبێت" و "چاوەڕوانی قانوون دەبین و بە ڕێگەی قانوونی، ئەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکەین" و "نابێ لەو بارەوە توندڕۆ بین" و "ئەگەر ئێمەش عەرەب بە تۆبزی وەدەرنێین، کەواتە لە بەعسدا چ جیوازییەکمان هەیە" و...ئەوانە هەموو نیشانەی نەوێران و ترسنۆکی و نانیشتمانپەروەریەتی و نادلسۆزی و کوردهەڵخەڵەتاندن و ساختەکارییە، لەگەل کێشەی عەرەباندن و چارەسەرکردنی ئەو کێشەدا. ئەوەیشی وا دەڵێت، بیەوێت و نەیەوێت، داکۆکی دەکات لە عەرەباندن و داکۆکی دەکات لە بەعس و تەواوی کردەوەکانی بەعس. ئەسەسەرد، لە مەڕ پرسی هەڵنەکردنی ئاڵای کوردستان بە تەنێ لەو دەڤەرەی، کە ئەو لێی دەژی و لەمەڕ هەڵکردنی ئاڵای عیراق لەو دەڤەرەدا، پێیوابوو، ئاڵای کوردستان چ پشتیوانەیەکی قانوونی و فەرمی نییە و مادام ئەوان خوازیاری جوێبوونەوە نین لە عیراق، ئیدی دەبێ وابێت و ئاڵای عیراق دابنرێت و هەڵنەکردنی ئاڵای کوردستانیش چ گرنگییەکی نییە. دیارە ئەوە تەنێ بیر و بۆچوونی ئەسەسەرد نییە، بەڵکە ئەو حیزبەی، کە ئەسەسەرد ئەندامیەتی و ئەو حوکوومەتەی، کە ئەسەسەرد لە ژێر سایەیدا دەژی، ئەوانیش بۆ خۆیان وا بیر دەکەنەوە. من ئەو جۆرە پاساوانەم لە عیماد ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب و حوکوومەتەکەی ئەسەسەردیش ژنەفتووە. ئەسەسەرد، باسی دەڤەری "کیوبیک"ی کەنەدای دەکرد، کە ئەوان خەڵکیان هەیە داوای سەربەخۆیی دەکەن و خەڵکیشیان هەیە نایانەوێت لە کەنەدا جوێببنەوە. ئەسەسەرد هیچ بیر لەوە ناکاتەوە، کە کیوبیک و کەنەدا، بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێن لەگەڵ کوردستان و عیراقدا. لە کیوبیک و کەنەدا، ئەنفال و عەرەباندن (ئینگلیزاندن) و کیمیاباران و لەسێدارەدان و تاڵان و کوشتار نەکراوە و هەرگیزیش ناکرێت. فرانسی زمانێکی کیوبیکی، تۆ بە ئینگلیزی پرسیارێکی لێ بکە، هەرگیز بێزی نایەتەوە بە ئینگلیزی بەرسڤت بداتەوە و تا ڕادەیەک ئەگەر بە ئینگلیزی بپەیڤێت پێیوایە زمانی پیس دەبێت و زۆر بە شانازییەوە بە زمانە فرانسییەکەی خۆی وەڵامت دەداتەوە. دوای ئەوەش تۆیەکی کورد، بۆ تەماشای تیمووری ڕۆژهەڵات و ئێریتریا و. . . ناکەیت، کە هەر لە یەکەم ڕۆژی خەباتیانەوە، باسی سەربەخۆییان کردووە، بۆ پیاوانە و ڕاشکاوانە، بۆ خۆت داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەت ناکەیت و بۆ دەبێ هەموودەم ئەوەی ناکرێت و ناگونجێت و باش نییە و دژی خواستی گەلی کوردە، ببێتە نیشانە و جێسەرنجی تۆ؟ ئەسەسەرد هیچ بیر لەوە ناکاتەوە، کە ئەو عیراقەی، ئەو پێیوایە بە قانوون عەرەباندن و کارەکانی دیکەی دژەمرۆڤی خۆی ئەنجام داوە، لە دادگەی شۆڕش (محکمەالیۆرە) ەکەیدا، کابرای دادوەر، بە هەوەس و ئارەزووی خۆی بڕیاری چارەنووسی ئەو خەڵکانەی، کە دادگایی دەکران، دەدا. هیچ قانوونێک بۆ ئەو مەسەلەیە نەبوو و ئەوەش، کە دادگایی دەکرا، هەر لە خۆڕا هێنرابووە ئەوێ و بێ هیچ هۆیەک دادگایی دەکرا. ساڵی 1977، من بۆ خۆم لە زیندانی پۆلیس و ئاسایشی کەربەلا بووم. باوکم و برایەکم و دایکم و خوشکێکیشم، هەر لەوێ زیندانیی بوون. لە نێو ئەو خەڵکانەی لەگەڵماندا بوون، کوڕێکی گەنجی عەرەبی خەڵکی خوارووی عیراقمان، لەگەڵ بوو. نێوی سەبری هاشم شناوە (لبری هاشم شناوە) بوو. ئەو لە سەر ئەوە گیرابوو، کە گوایە ڕێکخستنی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی، لە نێو پۆلیسدا کردووە و بە گوێرەی "قانوون"ی بەعسیش، ئەو قانوونەی، کە ئەسەسەرد، پێیوایە دەبێ بە قانوون هەڵوەشێندرێتەوە، ئەوە قەدەغە بوو و هەرکەس ئەو کارەی کردبا، دەبوو لە سێدارە بدرێت. ئەو شەوەی، کە بۆ سبەینێ، دەبوو سەبری هاشم شناوە، ببەن بۆ بەغدا، بۆ بەردەم دادگای شۆڕش، ئێمە هەموو لە دەوری سەبری هاشم شناوە، خڕبووینەوە و ئیدی هەر یەکەو شتێکی دەگوت. یەکێک دەیگوت، ئیشەڵڵا بە سەلامەتی دەگەڕێیەوە و هیچت لێ ناکەن و یەکێک دەیگوت، ئیدی جارێکی دیکە ناتبینینەوە و یەکێکی دیکە دەگریا و یەکێک پێدەکەنی و یەکێک هیچ قسەی بۆ نەدەهات و ئیدی بەو جۆرە. بۆ سبەینێ سەبری ماڵئاوایی لە هەمووومان کرد و بردیان و ئێمەش هەموو پەڵمەگریان بووبووین و گەرووومان وشک بووبوو و هاتبووەیەک و فرمێسک بە چاوماندا دەهاتە خوارێ و. . . سەبری هاشم شناوە، برا. دوای چوار پێنج ڕۆژ، هەر ئەوەندەمان زانی، پۆلیس سەبری هاشم شناوەیان، کرد بە ژووردا و هێنایانەوە لامان. ئیدی بوو بە هەرا و پێکەنین و گاڵتە و خۆشی و لە هەمان کاتیشدا ترس، چونکە بڕوامان نەدەکرد، جارێکی دیکە سەبری ببینینەوە. پرسیارێک لە سەر لێو و نێوچاوانی هەمووماندا بوو، کە چۆن سەبری هاشم شناوە هاتووەتەوە؟ وامان دەزانی، ڕەنگە دادگاییکردنی سەبری دواخرابێت، بۆ کاتێکی دیکە و بۆیە هێنرابێتەوە. سەبری گوتی :"وەرن دانیشن تا بۆتان باسکەم. ئەو کاتەی براینە ئەو دادگەی شۆڕشە، هەمووومانیان ڕیز کرد. ژمارەیەکی زۆر بووین، نێزیکەی پەنجا شێست کەسێک. کابرای دادوەر، کە

یەک دوویەکی لە تەنیشت بوون. چپەچپێکی لەگەڵ ئەواندا کرد و سەیرێکی هەندێک کاغەز و دۆسێی بەردەمی خۆی کرد و پاشان، دوای هەندەک قسەی وەک، بە ناوی خوا و بڕیاری شۆڕش و ئەو بەزمانە گوتی: لەو کوڕەوە، کە چاکەتێکی سووری لەبەرە تا ئەوەتان کە پانتۆڵێکی شینی لەبەرە، جیابنەوە، ئەوانەتان، بۆ سێدارە. لەو کەسەوە کە سمێڵی وایە تا ئەو کەسەی کراسەکەی فلانە ڕەنگە، زیندانی هەتاهەتایی. لەوەوە وا سەری تاشراوە تا ئەوەتان وا کراسێکی فلانە ڕەنگی لەبەرە، بیست ساڵ زیندانی. لەوەوە وا ڕدێنی هەیە تا ئەوەی کە جامەدانی لە ملدایە، دە ساڵ زیندانی، ئیدی بەو جۆرە تا گەیشتە ئەو چەند کەسەی، کە مابوونەوە و منیش یەکێک بووم لەوان. دادوەر گوتی: ئەوانەش بەردەدرێن". ئەوەیە ئەو قانوونانەی، کە عیراق و کوردستانەکەی لەمەڕ خۆیشمانی پێ بەڕێوە دەبرا و فەرمانڕەوایی دەکرا. من ئەسەسەرد و تەواوی ئەسەسەردانی دیکەش بۆ خۆیان دەکەمە دادوەر، ئەو قانوونەی، کە سەبری هاشم شناوەی پێ بەردرا و میلیۆنان خەڵکی دیکەی پێ لە سێدارە دران، هەر ئەو قانوونەیە، کە عەرەباندن و ئەنفال و ژاربارانی کوردی پێ کرا، ئایا ئەوە قانوونە، یا ناقانوونی و قڕان و لەنێوبردن و سڕینەوەی شوێنەواری مرۆڤە؟ ئەگەر نازیزم و فاشیزم و کردەوەکانیان، لەگەڵ ئەو کردەوانەی بەعسدا بەراورد بکرێن، هێشتا بەعس لە ستەمکاری و تاوانباریدا گرەو لەوان دەباتەوە. ئەوەی بە لای منەوە جێی سەرسووڕمان و ڕامان و لێوردبوونەوە و پرسیارە، ئەوەیە ئەسەسەرد و ئەسەسەردان، بۆ ناتوانن وەک ڕۆژنامەوانێک بیر بکەنەوە؟ بۆ ناتوانن ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت ڕاستییەکان بڵێن و بدرکێنن؟ بۆ ناتوانن لە دەسەڵات دوورکەونەوە و لەگەڵ گەلدا بن و بۆ گەل بنووسن و وەک گەل بهژرێن؟ ئەوەی ئەسەسەرد و ئەسەسەردان دەیڵێن و دەیکەن، چ جیاوازییەکی لەگەڵ گوتار و کرداری پۆلیسێکدا نییە. ئەوەی ئەسەسەرد و ئەسەسەردان دەیڵێنەوە، گوتارێکی لەرزۆک و ترسنۆکانە و زەندەقچووی دەسەڵاتە، کە لە پێناوی پاراستنی کورسی و بەرژەوەندیدا، هەموو شتێکیان پێ ڕەوایە. ئەوەی ئەسەسەرد و ئەسەسەردان دەیڵێن و دەیڵێنەوە، لەوەی زیاتر، کە داکۆکیکردنە، لە عەرەباندن و بەعساندن و تەواوی ناقانوونییەکانی بەعس و ڕێژیمەکەی و پاساوهێنانەوەیە بۆ تاوانەکانیان -کە بە لای ئەسەسەرد و ئەسەسەردانەوە قانوونن- هیچی دیکە نییە. سڕینەوەی شوێنەواری عەرەباندن و کوردانندنی تەواوی دەڤەرە عەرەبێنراوەکانی کوردستان، بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە دەکرێت و بە هاندانی خەڵک و سازدانی ڕابوون و دژایەتی ئەوەی، کە بەربەستە و جۆشدانی تەواوی خەڵکی کوردەوە دەکرێت. بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و هاتوهاوار و قێرە دەکرێت، کە دەبوو ئەسەسەرد و تەواوی ئەوانەی، کە خۆیان بە ڕۆژنامەڤان داوەتە ناسین، ئەورۆ پێشەنگ و ڕێکخەری ئەو جۆرە چالاکییانە بن، نەک خامۆشکەر و دامرکێنەرەوەی ئەو گیان و تین و گڕە، لێ ئەگەر ڕۆژنامەڤانی و کاری سەندیکا بەو جۆرە بێت، کە ئەسەسەرد و مانەندی ئەسەسەرد دەیکەن، دەبێ ئەلفاتیحە، بۆ گیانی پاکی ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەڤانانی کوردستان بخوێنین و پێیان بڵێین: ڕەوانیان شاد بێت.